www.kurdistannet.org
17-8-2003 23:36

# بۆ دەبێ ڕێگە نەدەین سوپای تورکیا بێتە عیراق ؟

د. جەبار قادر

ماوەیەکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە تایبەتی لە تورکیا باس و خواسێکی زۆر بڵاو دەکەنەوە لە سەر ناردنی سەربازانی تورك بۆ عیراق لە سەر داخوازیی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. ئەم باسە وەکو هەمیشە لە تورکیا باوە بۆتە بابەتێکی گەرمی میدیا و ئەژێندای سیاسی حکومەت و سوپا و پارت و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیی و کۆمەڵایەتیەکان. بە پێچەوانەی هەڵوێستی بەر لە شەریانەوە کاربەدەستانی سیاسی و سوپایی تورکیا ئەمجارە لە گەڵ ناردنی سەربازدان بە ژمارەیەکی زۆر بۆ عیراق و ئەم کارە بە کاری دەوڵەت نەك حکومەت لە قەڵەم دەدەن. وا چاوەڕوان دەکرێ لە مانگی ئەیلولدا بڕیاری ناردنی سەربازانی تورك بۆ عیراق لە پەرلەمان دەربچێ و بۆ مانگی ئوکتۆبەر بنێردرێنە ئەو وڵاتە. کاربەدەستانی تورکیا خەریکی ساخکردنەوە و دەستنیشان کردنی ئەو ناوچانەن کە سەربازانی تورك ئەرکی پاراستنی ئاسایشی تێدا دەگرنە ئەستۆ و لە لایەن کێوە سەرکردایەتی دەکرێن و کێ خەرجیان دەدا. هەڵبەتە ئەمە دەرفەتێکی باش دەبێ بۆ تورکیا بۆ ئەوەی یارمەتی دارایی لە ئەمریکا وەربگرێ. تورکیا بۆ ناردنی سەرباز بۆ عیراق کۆمەڵێ داخوازی ڕاگەیاندوە وەکو دانانی تورکێك بە جێگری برێمەر و دانانی جەنراڵێکی تورك وەکو یاریدەدەر بۆ فەرماندەی سوپای هێزەکانی هاوپەیمانان و پاراستنی یەکێتی خاك و سیستەمی سیاسی عیراق (واتا ڕەتکردنەوەی مەسەلەی فیدیرالی بۆ کوردستان) وبەهێزکردنی نوێنەرایەتی تورکمان لە ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی و هەموو دەزگا سیاسی و قانونیەکانی تری عیراق (بە وشەیەکی تر بەهێزکردنی بەرەی تورکمانی) و لە نێوبردن یا بڵاوە پێکردن بە هێزەکانی کادەك لە باشوری کوردستان لە لایەن ئەمریکییەکانەوە و گەلێ داخوازی تری لەو جۆرە. هەندێ لەم داخوازییانە بۆ ئەوەن کە لە کاتی پێویستدا تورکیا لە گۆڕ بار و پێداویستی بازرگانیان لە گەڵ ئەمریکادا پێوە بکا و لە سەر هەندێکی تریان هەتا پێی بکرێ پێ دادەگرێ بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە مافی کوردەوە هەیە.

ئەردۆگان یەکسەر کەوتە هەڕەشە کردن لە ئەندامانی پارتەکەی و ئاگاداری کردنەوە کە مەسەلەی ناردنی سەرباز بۆ عیراق کاری دەوڵەتە نەك حکومەت و پەیوەندی بە بەرژەوەندی باڵای تورکیاوە هەیە و ڕێگە نادرێ بە کەس یاری بەم مەسەلەیە بکا. لە ڕاستیدا ئەمە هەڕەشەی جەنەراڵەکانە لە ڕێگەی ئەردۆگانەوە ئاراستەی لایەنگرانی پارتەکەی و سیاسەتمەدارانی تری وڵات دەکرێ و پێموایە هەموو لایەك بە سەرەك کۆماریشەوە بەباشی لە پەیامی جەنەراڵەکان تێگەیشتن.

تورکیا بەم هەڵوێستە نوێیەی دەیەوێ بێجگە لە بەرژەوەندییە ئابورییەکانی لە ڕێگەی بە شداریکردنی کۆمپانیاکانی لە بنیاتنانەوەی عیراق و پەرەپێدانی بازرگانی و دەستگرتن بە سەر بەشێکی بازاری عیراقدا، چەند ئامانجێکی دیش بەدی بێنێ. لە لایەکەوە هەوڵدەدا پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئەمریکادا چاك بکاتەوە. ئاشکرایە کە هەڵوێستی پێشوی تورکیا پرسی هاوپەیمانێتی ستراتیژی لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا خستە ژێر پرسیاری جددیەوە. لە لایەکی ترەوە هاوپەیمانێتی کورد و هێزەکانی ئەمریکا لە کاتی هێرشی هاوپەیمانانداا بۆ سەر عیراق و سەنگی کورد لە ژیانی سیاسی و چارەنوسی عیراقدا و ئەگەر دامەزراندنی سیستەمێکی فیدیرالی لەو وڵاتەدا کاربەدەستانی تورکیای هەراسان کردوە و لە دارشتنی پیلان و پرۆژەی هەمەجۆردان بۆ ڕێگەگرتن لەم پرۆسەیە بەهەر نرخێك بێ. لەم بوارەدا کاربەدەستانی تورکیا ڕۆژانە بە ئاشکرا رادەگەیەنن کە دەبێ تورکیا لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقدا خاوەن دەنگ و بڕیار بێ.

پێموایە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە جارێکی تر کاربەدەستانی تورکیا بارەکە بە هەڵە بخوێننەوە. پێش ئەوەی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق دەست پێبکا کاربەدەستانی تورکیا پێیان وابو کە بێ پشتگیری تورکیا هاوپەیمانان پێیان ناکرێ شەر لە عیراق دەست پێبکەن و ئەگەر دەستیشی پێبکەن ئەوا درێژە دەخایەنێ و ناچار دەبن جارێکی تر پەنا بۆ تورکیا ببەنەوە. هەر لێرەوە بوو داخوازی و پەلپەکانیان دواییان بۆ نەدەهات. کاتێ هاوپەیمانان بەبێ یارمەتی تورکیا و لە ماوەی سێ هەفتەدا ڕژێمی سەدام حوسێنان تەفر و تونا کرد، کاربەدەستانی تورکیا بۆیان دەرکەوت کە هەڵەیەکی مێژوییان کرد و کەوتنە خۆیان بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانیان.

کاربەدەستانی تورکیا جارێکی تر پێیان وایە کە هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق روو بە رووی کۆسپ و تەگەرەی گەورە بونەتەوە بۆیە پێویستیان بە یارمەتی سەربازی تورکیایە و دەبێ ئەمان ئەو هەلە بە باشی بقۆزنەوە و ئەوەی لە جاری پێشودا لە دەستیاندا بە قازانجەوە بگێرنەوە. سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی تورکیا محەمەد دۆلگەر بە رۆژنامەوانانی راگەیاند کە (ئەمریکاییەکان تورکیان پشت گوێ خست بەلام ئێستا باش لە گرنگیی بەشداری کردنی تورکیا لە عیراق تێگەیشتون) . هەرچەندە هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا رۆلی سەرەکیان لە هەلوەشاندنەوەی دەولەتی عیراقدا بینی، لە گەل ئەوەشدا کاربەدستانی ئەو ولاتە هەمیشە رادەگەیەنن، رەنگیێ کەم کەس هەبێ لەم بارەیەوە زۆر باوەریان پێبکات، کە خەلکی عیراق بە خۆیان بەرپرسیارن لە دارشتنی دەستور و سیستەمی سیاسی و دەستنیشانکردنی چارەنوسی ولاتەکەیاندا. بەلام هەمان کاربەدەستی تورك دەلێ (دەبێ ئێمە خاوەن دەنگ و سەنگ بین لە دارشتنەوەی عیراقدا !) . لە کاتێکدا هەموو ئەو هێزانەی دەچنە عیراق دەبنە بەشێك لە هێزی پاراستنی ئاشتی و هێمنی و ئاسایش لەو ولاتەدا، ئەم کاربەدەستەی تورك رادەگەنیێ و دەلێ (هێزە سەربازییەکانی ئێمە ناچنە عیراق بۆ جێ بە جێکردنی فەرمانی کەسێکی دی!!) . مرۆڤ بۆی هەیە بپرسیێ : ئەی باشە ئەو هێزانە ئەگەر نابن بە بەشێك لە هێزی پاراستنی ئاسایش و هێمنیدا، دەیانەوێ چی ئەژێندایەك ئەنجام بدەن ؟. کاربەدەستانی تورك زۆر دلًیان بەوە خۆشە کە لەوانەیە دە هەزار سەرباز بنێرنە عیراق. بە ناردنی ئەم ژمارە زۆرە سەربازانی تورك دەبن بە سێیەمین هێزی سەربازی لە عیراقدا و تورکیا دەبێتە بەشێکی گرنگ لە هێزی هاوپەیمانان. دەبێ ئەو راستیەش لە بیر نەکەین کە سەربازانی تورك، ئەگەر بەبێ کۆسپ و تەگەرە ئەم کارەیان بۆ بچێتە سەر، لەو دەڤەرانە بلاو دەبنەوە کە ئەورۆ هێزەکانی ئەمریکا روو بە رووی هێرش دەبنەوە و ژیانیان لە دەستدەدەن، واتە سەربازانی تورك دەبنە قەلغان بۆ سەربازانی ئەمریکا. بە کوشتدانی سەربازی تورك لە پێناوی پاراستنی سەربازی ئەمریکادا دەتوانێ پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا ساز بکا و هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە یەکەمین قوربانی ئەو پەیوەندییە نوێیە کورد و مافەکانی دەبێ.

پێموایە ئەم بارە یەکێ لەو مەترسییە هەرە گەورانەیە کە کورد لە دوای تێکشکانی رژێمی سەدام روو بە رووی دەبێتەوە و پێویستی بە کاردانەوەی توند و راشکاوی جەماوەری فراوانی کوردستان هەیە.

لەم رۆژانەدا بە بێ پیشاندانی هیچ کاردانەوەیەك و تەنانەت باسکردنێشی وەکو هەوالێك لە میدیای کوردیدا، دەبێ کۆمەلێ سەربازی ئازەری خۆیان کردبێ بە کەرکوکدا لە ژێر نێوی هێزی پاراستنی ئاشتیدا. کۆماری ئازربایجانی بریاری ناردنی سەد و پەنجا سەربازیدا بۆ عیراق و هەر لە باکۆی پایتەختەوە بریاردرا ئەم سەربازانە دەچن بۆ کەربەلا (بۆ لای هاومەزەبەکانیان) و کەرکوك (بۆ پاراستنی هاورەگەزەکانیان) . ئەوەی هەندێ ئاگاداری باری ئازربایجانی عەلییەف و ئیلهامی کوری بێ دەزانێ کە لایەنگرانی پارتی بزاڤی نەتەوەیی ( MHP) بە تەواوی بالا دەستن بە سەر هێزەکانی پۆلیس و سوپادا لەو ولاتە. زوربەی کورد ئاگاداری ئەو راستییەن کە سێ سەد هەزار کورد لە ئازربایجانی سۆڤیەتیدا توانەوە و رەنگیێ ئازربایجان تەنها جێگە بێ کە ئەم ئەرکەی بەتەواوی جێ بە جێکرد. چیرۆکەکان لەم بارەیەوە ئەوەندە زۆرن کە مرۆڤ بە پێویستی نازانێ باسیان لێوە بکات و لە کۆماری سۆسیالیستی ئازربایجاندا کورد وەکو کەمینەش دانی پێدا نەنرا و بە ئازەری نێو نوس کران. دوای تێکچونی یەکێتی سۆڤیەت و بە هۆی شەری ناگۆرنە – قەرەباخەوە و گۆاستنەوەی (ئەزمونی دەولەمەندی) رەگەزپەرستیی تورکی لە تورکیاوە بۆ ئازربایجان، هەستی شۆڤینی ئەوەندەی تر لەو ولاتەدا پەرەی سەند. چونی سەربازی ئازەری بۆ کەرکوك بێ گێچەل نابێ. سەیرم لێدێ کە تاوەکو ئێستا هیچ نەقەوماوە. تۆ بلێی سەربازە ئازەرییەکان لە جێگەیەکی دی گلدرابێتنەوە ؟ یا دەبێ جارێ چوبن بۆ زیارەتی نەجەف و کەربەلا ؟ لە مەراسیمی بەرێکردنیاندا لە باکۆ تەنها بالوێزی ئەمریکا و تورکیا ئامادە بوون. تۆ بلێی لە بەر (کۆچی بە کۆمەلی بالندەکان) بۆ بەغدا کەس ئاگای لە گەیشتنی سەربازی ئازەری هەبێ ؟. رەنگیێ کارێکی ئاسان نەبێ کورد لە دژی هاتنی سەربازی ئازەری و تورك و پاکستانی بێ، بەلام لە بەرامبەردا هاتنی ئازەری و تورك بارەکە ئەوەندەی تر ئالۆز دەکا.

رۆژنامەی (حورییەت) ی تورکی لە ژمارەی ئەورۆیدا (17 ئابی 2003) لە زمانی کاربەدەستێکی بالای ئەمریکیەوە رادەگەیەنێ کە ئەو کاربەدەستە گوتویەتی نابێ تورکیا گوێ بداتە هەلوێست و کاردانەوەی سەرکردەکانی کوردی عیراق لە دژی هاتنی سەربازی تورك بۆ

عیراق و بەهەندییان وەربگرێ چونکە ئەمریکاییەکان لە عیراق زۆر پێویستیان بە سەربازی تورك هەیە. وادەزانم سەرکردایەتی سیاسی کورد و کۆمەڵگەی کوردیی پێویستیان بەوە هەیە لەم زانیارییانە بکۆڵنەوە و داخوازی هەڵوێستی راستەقینەی لە ئەمریکا لەم بارەیەوە بکەن و ئەو راستییە لە ئەمریکاییەکان بگەیەنن کە هاتنی سوپای تورك بۆ عیراق دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و تێکچونی هاوپەیمانێتی ئەمریکا لە گەڵ کورد و شیعە و زوربەی هەرە زۆری خەڵکی عیراقدا. ناکرێ کورد خۆی بدا بەدەست ئەمریکا و قەدەرەوە و وەڵامی بۆ پرسە سەرەکییەکانی گەل و وڵاتەکەی پێ نەبێ.

هاتنی دە هەزار سەربازی تورك بۆ عیراق بنخانێکی رێگە و بان و هات و چۆ و دەست ودایەرەی و پەیوەندی پێویست دەبێ و کوردستان دەبێتە گۆرەپانی هات و چۆ و پیلان و پرۆژەی هێزی داگیرکەری تورکیا.

پەنابردنە بەر سوپای تورك کارێکی پر لە مەترسییە بۆ داهاتوی کورد و هەموو عیراق. تورکیا دەوڵەتێکی ناوچەکەیە و تێوەگلانی لە کار و باری نێوخۆی عیراقدا دەتوانێ ببێتە هۆی قەیران و کێشەی گەورە بۆ هەردوو وڵات لە ئێستا و داهاتودا. هێزەکانی تورکیا لە عیراقدا ناتوانن بێلایەن بن. ئەوان بە هەستی دژ بە کوردەوە پەروەردە کراون و لە شەردا بوونە لە گەڵ کوردی تورکیا و هەندێ لایەنی سیاسی کوردی عیراقیشدا. تورکیا بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی عیراق و تاوەکو ئەم مانگانەی دواییش تەماحی لە داگیرکردنی هەندێ شار و ناوچەی عیراق نەشاردۆتەوە. خەڵکی عیراق ناتوانن بەدگومان نەبن لە پیلان و پرۆژەکانی تورکیا.

هاتنی سوپای تورك دەبێتە هۆی تێوەگلانی زیاتری ئێران و سوریا و دەوڵەتانی تری ناوچەکە و تەنها ئەنجامی ئەمەش ئەوە دەبێ کە عیراق بە کوردستانیشەوە ببێتە گۆرەپانی ململانی و ساخکردنەوەی کێشەکانی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا و تێکچونی هێمنی و ئاسایش و ئاڵۆز بوونی ژیانی خەڵکی عیراق. سەربازانی تورك لە بنەمادا نەك بۆ ئاشتی پارێزی بەڵکو بۆ سەرکوت کردن و وێرانکاری ئامادە کراون، لە بەر ئەوە رێی تێ ناچێ سوپایەکی لەو جۆرە بتوانێ هێمنی و ئاسایش لە عیراقدا بەرقەرار بکا.

یەکەمین هەنگاوی کاربەدەستانی تورك بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ ناردنی سەرباز داوتکردنی سەرانی هۆزی ئەلعوبێدە لە حەویجە کە بە راشکاوەیی دژایەتی ئەو بارەی ئێستای کەرکوك دەکەن. رەنگیێ ئەم داوەتنامەیە ئیماژێك بێ بۆ بەرەیەك لە داهاتویەکی نزیکدا لە نێوان عەرەبی حەویجە و بەرەی تورکمانیدا لە دژی کورد لە کەرکوکی شار و پارێزگا.

بە کورتی هاتنی سوپای تورك بۆ عیراق کۆمەڵێ کێشە و کارەسات لە گەڵ خۆیدا دێنێ و یەکەمین قوربانیش کورد و مافەکانی دەبێ. بۆیە پێموایە ئەرکی بە پەلەی بزاڤی سیاسی و پارت و رێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان و کۆمەڵانی کورد چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات نیشاندانی کاردانەوەی توندە لە دژی ئەم پلانە و بەرێخستنی زنجیرە چالاکییەکە لە رێپێوان و میتینگ و خۆپیشاندان و نامە ناردنە بۆ بەرپرسانی ئەمریکا و بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و جامیعەی عەرەبی و دەزگاکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.